# ئەو وەهمەی ناو نراوە شەقامی کوردی

محمد حسين

لەنێوان ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر شەقامی کوردی ئەکرێت و ئەوەی کە شەقامی کوردی لەواقعدا خۆی دەنوێنێت ناکۆکیەکی بەرچاو هەیە .ئەو چاوەڕوانیەی لەشەقامی کوردی ئەکرێت و ئەو لاوازی وبێکاریگەریەش شەقامی کوردی تیا چەقیوە هەرگیز ڕێك نایەنەوە . هیچ ئاماژەیەکیش نیە لەواقعی شەقامی کوردیەوە تاسەرەتای گەشبینیەکمان لادروست کات بۆدەرچون لەودۆخە چەقبەستوەی کە هاوڵاتی ئاسای کوردی تیا قاڵبگیربووە .دەبێت شەقامی کوردی توانای دانانی چ کاریگەرییەکی هەبێت ,یان چ دەورو نەخشێکی هەبێت لەڕەنگرێژکردنی بڕیارە سیاسیەکاندا ,ئایا تائێستا چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئەم شەقامەمان بینیوە کەشایەنی ئەوە بێت بەو جۆرەی خەڵکانێك دەیکەنە جێی ئومێدی خۆیان ؟ گفتوگۆکردن لەسەر شەقامی کوردیو گەڕانەوە بۆڕای جەماوەر گەرم وگوڕدەبێت لەو کاتانەی قسە لەسەر گرفتێکی چارەنوسسازی بەنبەست گەیشتو ئەکرێت ,یان هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی سیاسی کورد لەبەغدادلەمەڕکێشە سیتراتیژیەکان دەبنە سەرچاوەی ترس و دڵە ڕاوکێی ڕۆشنبیران و ئەوانەی بایەخ بەکێشە سیاسیەکانی ئەم ولاتە ئەدەن .هەندێك جار هێندە زیادە ڕۆیی ئەکرێت لەنیشاندانی کاریگەری شەقامی کوردی وەك ئەوەی لەبەردەم ڕای گشتی ولاتێکی ئەو روپیدا بین کەبەداخەوە ئەمە لەخەیاڵ بلاویەکی سۆزداری زیاتر نیەو ئومێد بەخشین بەم شەقامە وەهمیە وەك خوڕین لە پشتی شێرێکی تۆپیو وایە .ئەمە نەك لەبەر ئێمە هاولاتیەکمان نیە هێندە هەست بە بەلێپرسراوێتیبکات کەئامادەبێت قوربانی بەکات و بەرژەوەندیە تاییەتیەکانی خۆی بدات لە پێناوی شتێکی بالاتردا , بەڵکو لەبنە ڕەتدا ئێمە بەرپرسانێکمان نیەڕای خەڵکی بەچاودێرێك و بە فاکتەرێکی لەبەرچاو گیراو وەرگرێت لەدروستکردنی بڕیارە سیاسیەکانیدا , ئەو پەیوەندیەی بەرپرسان و هاولاتیانی ئێمە پێکەوە گرێئەدات نوێنەرایەتیکردنێکی دیمو کراسیانە نیە ئەوەندەی کۆمەڵێك میکانیزمی هێزو کۆنترۆلکردن دەورئەگێڕن . چونکە لەولاتێکدا ڕای خەڵکی کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسە تمەداران هەیەکە پەیوەندیەکی نوێنەرایەتی دیمو کراسیانە ی تەندروست لەنێوان هاولاتی و دەسلاتدارانداهەبێت ,کەی دەسلاتدار هەستی کرد هەنگاوێکی بەدڵی دەنگ دەران نیە ئەوالەترسی ئەوەیدەنگدەرانی نەتۆرێن و لەخولێکی دیکەی هەڵبژاردندا دەنگی بۆبدەن یەکسەر ملکەچی خواست و داواکانی دەنگدەرانی خۆی بێت .هیچ دەسلاتدارێك نیە پابەندی ڕای جەماوەرەکەی بێت گەرترسی دۆڕاندنیانی نەبێت .ئەو کاتەی نوخبەی سیاسی هەستی کرد پێشڕەوی جەماوەرەکەیەتی و ئەوە ئەو نیە دەبێت سیاسەتەکانی خۆی بە پێی خواست و داواکانی ئەوان بگونجێنێت بەڵکو ئەوە جەماوەرەکەیەتی دەبێت پشتگیری سیاسەتەکەی ئەمان بکاتو چە پڵەی بۆلێبدات ئەواجگە لەوەی دیموکراسی لەگۆڕنراوە بەڵکو دەلالەتە لەنەبونی هیچ زەخت وفشارێکی نەڕای گشتی و نەگروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نەهیچ هێزو ڕێکخراوێکی(( NGO ))و ئۆپۆزسیۆن . دیمو کراسیترین دەسلاتداری دنیا گەر گەلەکەی وەکو خەڵکی ولاتانی خۆمان چە پڵەی بۆلێبدەن و وێنە کانی بەرز بکەنەوە ئامادە نیە پابەندی خواست و داواکانی جەماوەرەکەی بێت گەر ناکۆکی بەرژەوەندیە تاییەتیەکانی بێت , ئەوە گەلی هۆشیارو چاودێری کەری جدی و وریایە دەسڵاتدار ناچاری پابەند بون بەخواست و داواکانی خۆی ئەکات , زۆربەی کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتیەکان بەقورسی ئەم قەیرانی نوێنەرایەتی سیاسیەیان هەیە .هێزێکی سیاسی دەبێت بەنوێنەرو حاکمیان کە هندێك جار بەمیکانیزمێکی دیمو کراسیانەش کە هەڵبژاردنە ئەم متمانەیە وەر ئەگرن .کەچی نەنوێنەری خواست و داواکانیانن و نە نەنوێنەری بێبەشی مەینەتیەکانیش .جوانترین نمونەی بەر جەستەی ئەم کێشەیە ئەو قەیرانە سیاسیەیە کە پێشنیاری گۆڕینی دەستوری لبنان بۆدرێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی (ئمیل لحود ) دروستی کرد ,بە پێی ڕا پرسیەکی ڕۆژنامەی ((ئەلنەهار)) 70٪ خەڵکی لبنان دژی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیەکەن کەچی 70٪ پەرلەمانتارانی لبنان داوای درێژکردنەوەی ماوە کە ئەکەن .ئەم مەهزەلەیە ڕنگدانەوەیەکی

ڕۆشنی پەیوەندی نوێنەرایەتی نێوان هاولاَتیان و بەرپرسانی زۆربەی ولاَتانی کەناروباشورە. کۆمەڵگای کوردیش بارو دۆخێکی نزیکی ئەم تابلۆسیاسیەی هەیە .ئەوانەی ئەمڕۆبەرپرسی کێشە سیاسیەکەین و دەسلاَتداری حکومەتەفیدراڵیەکەین یان لەبەغدادنوێنەرایەتی پرسە سیاسیەکەی دەکەن بێباکن لەوەی ئەمڕۆ شەقامی کوردی چی تیا دەوترێت .چونکە ئەوەی ئەوانی هێشتۆتەوە لەو بەرپرسیاریەتیەدا دەنگی هاولاَتیانی شە قامی کوردی نیە ئەوە ندەی ئەو زنجیرە پاوانکردنە ئابوری و ئیداری و کۆمەلاَیەتیەیە کە بواری گشتی و تایبەتی کۆمەڵگای کوردیان پێدەستەمۆکردووە .ئەم گرفتە هەر تەنها کۆمەڵگای سیاسی و ئەکتیڤیستە کانی ناو کایەی سیاسەت و بەڕێوە بردنی حکومەت لێی بەرپرس نین وەك ئەوەی هەندێك جار بەم ساویلکەییە دەست نیشان دەکرێت .دەبێت ئێمە لەناو ئەو کولتورە سیاسیە داخراوەدا کۆمەڵگای ئێمەی پێ بەنج کراوە لەناو ئەو پاشخانە ڕۆشنبیری و لاوازیە سایکۆ لۆژیەی مرۆڤی ئێمەی پێ بێئیرادەو بڕیار کردووە بۆ ڕەگە کانی گرفتە کە بگەڕێین . ئەوە بێدەر بەستی و بێباکی خەڵکە بەرامبەر کێشە سیاسیەکان وەهای کردووە کەهێزی فشار دروست نەبێت وهیچ سانسۆرێك نەبێت لە پشت هەمو ئاراستە سیاسی وئیداریەکانەوە .تراژیدی ترین دیمەنی ئەم تەمبەڵی و بێدەر بەستیەی کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگاکانی هاو شێوەی لەوەوە دێت یان چە پڵە بۆ سەرۆك لێ ئەدات و وێنە جوانە کانی بەرز ئەکاتەوە یان کاری بەسەر هیچەوە نیەو هەرکاتێکیش کۆمەڵگا کەوتە بەر مەترسی قەیرانێکی سیاسی ئیتر هەمو شتە کان دەخاتە ئەستۆی دەسلاَتداران .وەك ئەوەی دەسلاَتداران لەدەرەوەی فەزای کۆمەلاَیەتی و سیاسی ورۆشنبیری ئەمانەوە هاتبێت و بەرهەم هێنراوێکی سروشتی هەمان بارودۆخی خۆیان نەبێت .ڕای‌گشتی لەولاَتە دیمو کراتیە کاندا هەرچیەك بێت هەرچی پێبکرێت ئەوا لەولاَتی خۆماندا گەربڵێین شتێکیشمان هەیە بەم ناوەوە ئەوا بێگومان بێکاریگەرترین و بێهێزترین فاکتەرە لەدروست کردنی بڕیارە سیاسیە کاندا هەمو مان هەوڵەکانی گروپی ڕیفراندۆممان بینی بەچ دەردێك ڕۆیشت کەلەوانەیە ئەم هەوڵە جدیترین هەوڵ بێت بۆدروست کردنی ئەوشتەی دەکرێت ناوی بنیین شەقامی کوردی . ڕەنگە دوای چەند دەورەیەکی هەڵبژاردن وئاسایی بونەوەی بارودۆخی کوردستان و نەمانی شوێنەوارەکانی شەڕی ناوخۆو دامەزراندنی دەزگاو دامەزراوەی حکومەتێکی مۆدێرن و هەڵبژێردراو ( کەهەمومان دەزانین هاتنە دی ئەم خەونانە چەندە زەحمەتە ) بکرێت قسە لە کارایی شەقامی کوردی بکەین بەلاَم دڵ خۆشکردن بەکاریگەرییەکی وەهمی لەوانەیە لەبەرچاوڕەشکردن زیاتر لەبینینی کێشەکان وەکو خۆیان هیچ ئە نجامێکی تری نەبێت .

mihamad_79 @yahoo .com